
SDH



# پەنجەمۆر و یۆرۆداک

زانیاری بۆ هاووڵاتیانی وڵاتی سێیەم و کەسانی بێ ڕەگەزنامە کە لە
کاتی پەڕینەوەی نایاسایی سنووری دەرەوەی وڵاتدا دەستگیر دەکرێن
(خاڵی ٣ی مادەی ٢٩ی پێڕەوی (یەکێتی ئەوروپا) ژمارە ٢٠١٣/٦٠٣)

©iStockphoto / janp013

ئەگەر تەمەنت گەیشتووەتە ١٤ ساڵ یان زیاتر و لە کاتی پەڕینەوەی نایاسایی سنووردا دەسگیر بکرێیت، پەنجەمۆرت لێ وەردەگیرێت دەنێردرێت بۆ بنکەی زانیارییەکانی پەنجەمۆرەکانی یۆرۆداک. بەپێی یاسا ناتوانیت پەنجەمۆر لێ وەرگرتن ڕەت بکەیتەوە.

ئەگەر پەنجەمۆرەکان کوالیتییان خراپ بوو یان ئەگەر بە ئەنقەست زیانت بە پەنجەکانت گەیاندبێت، دەتوانرێت دواتر دووبارە پەنجەمۆرەکان وەربگیرێنەوە.

ئەگەر پاش ماوەیەکی درەنگتر جارێکی تر داوای پەنابەری بکەیتەوە دیسانەوە پەنجەمۆرت لێ وەردەگیرێتەوە. ئەگەر لە وڵاتێکی جیاواز لەو وڵاتەی کە یەکەمجار پەنجەمۆرت لێ وەرگیراوە داوای پەنابەری بکەیت، دەتوانرێت بنێردرێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە یەکەمجار پەنجەمۆرت لێ وەرگیراوە.

پەنجەمۆرەکان بۆ ماوەی ١٨ مانگ هەڵدەگیرێن. دوایی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بنکەی زانیارییەکان دەسڕدرێنەوە لە بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداکدا تەنها زانیارییەکانی پەنجەمۆر و زانیاریی ڕەگەز هەڵدەگیرێن. لە بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداکدا ناو و وێنە و کاتی لەدایکبوون و ڕەگەزنامە تۆمار ناکرێت.

هەر کاتێک بتەوێت دەتوانیت پرسیار بکەیت کە چ زانیارییەک دەربارەی تۆ لەو وڵاتەدا کە پەنجەمۆرت لێ وەرگیراوە لە بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداکدا هەڵگیراوە. دەتوانیت داوای ئەوە بکەیت کە زانیارییە هەڵەکان ڕاست بکرێنەوە یان بسڕدرێنەوە. بۆ نموونە لەو حاڵەتدا دەبێت زانیارییەکان بسڕدرێنەوە ئەگەر تۆ ڕەگەزنامەی وڵاتێکی یەکێتی ئەوروپا یان وڵاتێکی پەیوەندیدار بە سیستەمی دبلن یان مۆڵەتی مانەوەت لە یەکێک لەو وڵاتانەت وەرگرتبێت و داوای پەنابەریت نەکردبێت.

بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداک لەلایەن ئاژانسێکی یەکێتی ئەورووپاوە بە ناوی eu-LISA بەڕێوەدەبرێت. زانیارییەکانت دەتوانرێت تەنها بۆ ئەو مەبەستانە بەکاربهێنرێت کە لە یاسادا دیاری کراون. زانیارییەکانت تەنها بۆ سیستەمی ناوەندیی یۆرۆداک دەنێردرێن. ئەگەر لە کاتێکی درەنگتردا داوای مافی پەنابەری بکەیت لە یەکێتی ئەوروپا یان وڵاتێکی پەیوەندیدار [١] بکەیت، پەنجەمۆرەکانت دەنێردرێت بۆ ئەو وڵاتە بۆ بەراوردکردن. ئەو زانیاریانەی لە یۆرۆداکدا هەڵگیراون بۆ هیچ وڵاتێک یان ڕێکخراوێکی تر لە دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی پەیوەندیدار نانێردرێن.

**١) زانیارییەکانی پەنجەمۆرەکانت دەتوانرێت بەو شێوەیەی کە یاسا ڕێگەی پێداوە لەلایەن ٢٧ وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و چوار وڵاتی پەیوەندیدار بە سیستەمی دبلنەوە (نەرویج، ئایسلەندا، سویسرا و لیختنشتاین) بەکاربهێنرێت.**



لە ٢٠ی تەممووزی ٢٠١٥ەوە، دەتوانرێت زانیاریی پەنجەمۆرەکانت لەلایەن هەندێک دەسەڵاتی دیکەشەوە بپشکنرێت، بۆ نموونە. پۆلیس و دەزگای پۆلیسی ئەوروپا (یۆرۆپۆل)، کە دواتر مافی ئەوەیان دەبێت داوا بکەن بچنە ناو بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداکەوە بۆ ڕێگریکردن و ئاشکراکردن و لێکۆڵینەوە لە تاوانە گەورەکان و تیرۆریزم.

**©یەکێتی ئەوروپا، ٢٠١٤**
**کۆپیکردنی نووسراوەکە ڕێگەپێدراوە. بۆ بەکارهێنان یان کۆپیکردنەوەی وێنە تاکەکان دەبێت ڕاستەوخۆ لە خاوەنی مافی چاپ وبڵاوکردنەوە داوای مۆڵەت بکرێت.**

## زانیارییەکانی پەیوەندیکردن

**ڕاگری زانیارییەکانی یۆرۆداک و نوێنەرەکەی**
خاڵەکانی پەیوەندیکردن: بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس (Poliisihallitus) و فەرمانگەی کۆچ (Maahanmuuttovirasto)

**زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی نووسینگەی ڕاگری تۆمار**
Poliisihallitus (بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس)
PL 1000 (Vuorimiehentie 3),
02151 Espoo
+٣٥٨٢٩٥٤٨٠١٨١
kirjaamo.poliisihallitus@poliisi.fi

Maahanmuuttovirasto (فەرمانگەی کۆچ)
PL 10, 00086 Maahanmuuttovirasto
ت: ٣٥٨٢٩٥٤٣٠٤٣١+ (ناوەند)
migri@migri.fi www.migri.fi

ئەگەر دەتەوێ ئاشنای ئەو زانیاریانە بیت کە لە سیستەمی یۆرۆداکدا لەبارەی تۆوە تۆمار کراون، بەشێوەیەکی شەخسی لای پۆلیس داوا بکە. ئامادەبە بۆ سەلماندنی ناسنامەی خۆت. بە باشتری دەزانین کە پەیوەندی بەو بنکەی پۆلیسەوە بکەیت کە داوای پەنابەرییەکەتی وەرگرتووە. زانیارییەکانی پەیوەندیکردن بە بنکەکانی پۆلیسەوە لە ماڵپەڕی پۆلیس poliisi.fi دەدۆزرێتەوە.

**زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی دەسەڵاتی پاراستنی زانیاریی نیشتیمانی**
Tietosuojavaltuutetun toimisto
(نووسینگەی کۆمیساری پاراستنی زانیارییەکان)
ناونیشانی سەردانی:
Lintulahdenkuja 4, 00530 Helsinki
ناونیشانی پۆست:
PL 800, 00531 Helsinki
تەلەفۆنی ناوەندی: ٣٥٨ ٢٩ ٥٦٦ ٦٧٠٠+
پرسگەی تەلەفۆنی گشتی بۆ تاکە کەسەکان: ٣٥٨ ٢٩ ٥٦٦ ٦٧٧٧+
سێشەم – پێنجشەم کاتژمێر ٩:٠٠ – ١١:٠٠
tietosuoja@om.fi
www.tietosuoja.fi

29.02.2024 - sorani

EUROPEAN UNION AGENCY FOR ASYLUM

European Commission

Rajavartiolaitos
Gränsbevakningsväsendet
The Finnish Border Guard

POLIISI
POLISEN I FINLAND
Police of Finland

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service